# فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە ئەگەر سەگ یان وێنەی تێدا بێت

لە ئەبی تەڵحەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە ئەگەر سەگ یان وێنەی تێدا بێت».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە فریشتەکانی ڕەحمەت ناچنە ماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی ڕۆح لەبەری تێدا بێت؛ چونکە وێنەی ڕۆح لەبەر: تاوانێکی گەورەیە، وخۆچواندنە بە الله لە خوڵقاندندا، وهۆکارە بۆ شیرك وهاوبەشدانان، وهەندێکی وێنەی ئەو شتانەن کە دەپەرسترێن. هۆکارەکانی نەهاتنە ژوورەوەیان بۆ ماڵێك سەگی تێدا بێت: سەگ شتی پیس دەخوات، وهەندێکیان پێیان دەووترێت شەیتان؛ وفریشتەکان دژی شەیتانن، هەروەها بۆنی سەگ بۆگەن وناخۆشە؛ وفریشتەکان حەز بە بۆنی بۆگەن وناخۆش ناکەن، وچونکە نەهی کراوە لە ڕاگرتنی سەگ؛ بۆیە ئەوەی سەگ ڕابگرێت سزا دەدرێت بەوەی فریشتەکانی ڕەحمەت نەچنە ماڵیەوە، ونزا وداوای لێخۆشبوونی بۆ ناکەن، وئەو ماڵە پیرۆز وبە بەرەکەت نابێت، وئازار وزیانی شەیتانی لێ دوور ناخەنەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8950